


# لەگەڵ موتعەی شەوی جەستەیەکدا..

سوارە قەڵادزێی

ئەو سەردەمەی وشکە هەناسەی
زریانێك گەڵای هەوری دەوەراندو
هەرەس‌و تۆفی سێلاوێك
ئاسمانی لێ تەنیبووی..
بێ ویستی خۆت بێ چاوەڕێ
هەڵیکردو..
دەرگا خواپێداوەکانتی
لەرێسمە برد... !
(دەرو)و بواری دەسەڵاتی
سەرپاك گرداو لێداخستی.. !
ئەو سەردەمە ژیان ماچی
تامەزرۆ بوو.. !
وەکو خوناو
لە لێوتەوە دادەباری..
بەسەر گۆنای جەستەتەوە..
دەتوایەوە.. !
وەرزی حەزت هیچ
ساڵ و مانگی بۆ نەبوو..
جوانووە ئەسپێکی سەرکێش بوو
پەنجەرەی ئارەزووەکانی




بێ شوشەبەند دەکرایەوە..!
هەناری عیشق و دەستەملان
نەدەخزیە ناو پێخەف
پاشاو سوڵتان.. خەلیفەکان..
بەمەبەستی دەستو دیاری..
فەریکە ماچت نەدەفرۆشت
نەدەبوویتە چەپکە گوڵی
ناو پەرداخی سەرمێزی (شا)..
ئینجانەی دەرگای (بەرپرسێك)
وەکو ئێستا
لەم سەردەمە
هەر سەرمێزی شەوی سووری
بالآدەست و خواپێداوە..
چەندین سینگ و مەمی تورتی
لەسەر هەرزانفرۆش کراوە..

**(1)**

ئەو سەردەمە هەموو شتێ جوان
وەکو حەزی رەگەزی مێ..
شیلەی ئارەزووی لێدەتکا
هەموو شتێ وەکو بەهار
وەك وەنەوشەی رۆخی کانی
وەك ئەستێرە پێدەکەنی
لەگەڵ جریوەی حەوترەنگیلەی
بەربەیانی..!

**(2)**

تا تخوبی ئەو سەردەمەی
جەستەت سومبولی ڤینۆسی
پەرستن بوو...
تۆ بەرنامەی نازو عیشوەت پێدەفرۆشتین..
ئێمەش بۆ بەردەستیو فەرمان
راوەستابووین



بۆ هەر داخوازییەکی هەتبێ..

لە ئیکلامو سەمادا بووین..

کاتێ وەرزت خاکەلێوەی

دەستەملانێکی نەوسن بوو

هەموو ببووین بە شەپۆلی..

گێژەنی قوڵی روبارێ

تۆمان لەسەر سەری خۆمان هەڵگرتبوو!

ببووین بە مەلێکی تەریو

لە دامێنی تروسکەی مۆمی ئەهروموزدات

بەدەم گاتای پەرستنتەوە دەسوتاین..!

هیور.. هیور.. هەڵدەکروزاین..

لە وەرزە بەهاری عەشقا

جارێکیتر دەژیاینەوە..

جارێکیتر سەرمان لەبەر پێی

فەرمانتا

خولی دەخوارد..

گەڵا چوالەیەکی سیس بووین

بە هەناسەی بارانی تۆ..

سەرلەنوێ دەگەشاینەوە..!

**(3)**

هەر ئەو ساتەی دەسەڵاتی پیاوسالاران..!

کاهینە خواوەندە... درۆکان..

فتوای گەردنی ساوایان کردە نەریت

بۆ بەرپێی چی ئەهریمەنە..

شمشێریان خستە ئاوزەنگی

ئەسپ سواری فەسادی ژن..

ئەنفال.. تاڵان..!

لەو سەردەمە نەگریسەوە

کە یاسای جەنگەڵیان کردە

کتێبی پیرۆزی

سەربڕین..


لەو سەردەمەی
هەموو جوانییەکی سروشتی
تۆیان خستە دەم رەشەبا..!
لەو ساتەوە بەژنو باڵاو
سینگو مەمو گۆنای ئاڵت
لە شەوی دەیجوری –حیجاب–
پاوانکرا..!

(4)

هەر لەو رۆژەی کەیخوداکەت
(نیکاحی) تۆی لێسەندرا
لەو شەوەدا..
ئابڕوی مافی (مرۆڤ بوون)
خۆڵ و دۆی بەسەردا کرا..!
لەو شەوەدا فەرهەنگی یەکسانیی
نێوان هەردوو رەگەز
جارێکیتر بە نەریتی باڵادەستی
بڕیاردەران.. پێشێلکرا..!
جارێکیتر بیابانی کۆیلایەتی
بەکەم دانانی رەگەزت
بوو بە جەنگەڵی بێ باران..
بوو بە سوتەمەرۆی وەرزی
ئاگرتێبەردانی ویژدان..
جارێکیتر تۆوی
سێوێکی تر چاندرا..!

(5)

لەو سەردەمەی کوتەک دەستی
نەگەیشتبووە سەر گەردنی
جەستەی فەرهەنگ
دابونەریت..!!
قوتابخانەی (فێرعەونەکان)
نەکرابوونە یاسای سەردەم..



جەستە ئازاد..

بیر ئازادتر

مرۆڤ خۆی خاوەنی خۆی بوو

مرۆڤ خۆی پێناسەی

خۆی بوو..

جەستە ئازاد

بیر ئازادتر

ویستو حەزیش

کەوی بەدەر لەناو شوڵی

قەفەزی باوەڕو ئایدیای

میتافیزی

رادیکالی

کۆمۆنیزی

ماتریالی

لیبرالیزی

جەستە ئازاد..

کۆئەندامی زاوزێی تۆ..!

گۆشتی خێری بەشراوەی..

دەم نزرگەو تەکیەی شێخ و

سەدەقەی سەری کەمی نەبوو..!

قوربانی نوشتەی پڕوپوچ

شێخی کوشتەی هەوەس

نەبوو..!

تۆ خواوەندی عیشقو ئەوین

دایکایەتی دوو رەگەز بووی

تۆ ئەستێرەی ئاسمانی

هەستیاری خەیاڵێکی ئەفسوناوی

شیعرو رۆمان..

پەنجەرەکانی.. ژیان بووی..

کاتێ لەشکری باوەڕ هات

بوو بە مقەست باڵی کردی..!



هەر لەو وشکە ساڵەدا.. بوو

دوو (تا) بە یەك (تا) داندرا..

بەشە میراتیش ئەگەرچی

بۆ تۆ نەبوو..

ئەم نەبوونەش ناوکی بڕا..!

بەمەش هەموو مافێکی تۆ..

ئەتککرا..!!

**(6)**

ئەو سەردەمەی دەروازە داخراوەکان

لەناو کۆشکی سڕی بیردا

پلە.. پلە.. کرانەوە..!

رەنوە بەفری بەستوی خەیاڵ..

بە پێنووسی ئەقڵو (ئاوەز)

هەڵچو بە ئاسۆی داهێنان

باڵی گرت و هەڵفڕی بەسەر

گردۆڵکەی

خولانەوەی وزەلێبڕاو

هەناسە سواری چەقبەستو

بەدەوری خاڵی سڕاوە..!

(پێشەوایەك)..

یەکەم دیواری هەڵچنی..

(جەلیزادە)کەی کۆیە

یەکەم کەس بوو..

دەستی کچە تاقانەکەی

یەکەم کورسی یەکەم پۆلی

یەکەم قوتابخانەی گرِدا..


(حاجی قادر) یەکەم زانای هەڵکەوتوبوو..!

فتوای یەکسانیی نێرو مێی..

وەکو بانگ لەسەر منارەی مزگەوتا

بەگوێی شەوپەرستان هەڵدا..!

لەسەر زینی ئەسپی زانست



دیواری حوجرەی روخاوی

بە لۆجیکی عەقڵ بەزاند..!

بە نەشتەری بیری نوێ

قفڵە ژەنگاوییەکان....

شکان....

وردوخاش بوون..

بوون بە هەمبانەیی بەقاڵ..!

**(7)**

کەچی تا ئەمڕۆی مۆدێرنە..!

لەم هەرێمە هەر چوار توخوب

ئاگر دراوە..

ئێستاش خەونی ئەرخەوانی

پەریزادە بێ ئاگاکان..!

بێچولەی چاو نەپشکوتووی

ژێر سەبەتەی..

کۆتوپێوەند لەدەستو پێن

لەناو گێژەنی باوەڕدا..

سەرگەردانن.. دەڕۆنو دێن..!

هەرچەندیش شەو بەڕۆژ دەکەن

تینوی رۆژگارێکی نوێن..!

لە مەحشەری ئەم فەرهەنگستانە

زاڵە.... پڕ لە هیچە..!

لەرزو پەتایەك دایگرتوون..!

بێ سەرو شوێن

**(8)**

مریەمو زەینەبەکانی ئەم دەڤەرە..!


پڕ لە هیچو پڕ بەتاڵە..

تاسە شکێنی حەزی فەتوان..!

کە نوقلانەیەکی تەڵخو ترش و تاڵە..

شۆخە نازداری خەواڵوی

بەردەرگای مەزارو رێگەی



نیزاخانه..
دەرگای ئاوەزو لۆجیکیان
لەناو جبەیەکی رەشدا..
پیرۆز کراوە..
وەك مادەیەکی سرکەریش..
بوونو بیرکردنەوەو هەستی
کۆنترۆڵێکی مۆدرینه
لەناو فێستێکی سوورو سپی
داخراوە..!
وەرزە بای حەزو ئارەزووی..
فەتوای ناو کتێبێکی
تۆز لەسەر نیشتووی –ئەڵتارە–
پاکیزە.. هەر پاکیزەیە..و ..
رەگەزێکی خۆشباوەڕو دەستەمۆیە
کەم وردبینو کەم لێزانە..
(بووکە شوشە)ی ناو پیشانگەی
کۆشکی پاشاو خواپێداوە..!
ئاسکۆڵەیەکی بێزمانە..
بێ هەژموونو
شەیدای سرکترین ژیانە..
وێڵی بڕیاری موتعەکەی
سەرتاپا جەستە فرۆشتنە..!
لەبەر شاقەلی فەتوادا..
نابینایە
بەرچاوی تاریکستانە
شەوی بە کۆمەڵ (جوتبوونی)
ئاهەنگی یەك بە (حەفتاکەی)
سەد مەخابن..
لەلای ئەو حەجولئەکبەرە
جەژنانەی پیرۆز کردنو..
موژدانەی عەبا.. بەشانە..!

